# پێشمەرگایەتی بۆ چی و لە پێناو چیدا؟

ڕەزا موستەفاسوڵتانی

(ئەم نوسراوەیە بە بۆنەی بیرەوەری لە ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە لە31 جوزردانی1387 بەرابەر بە 20 مانگی 6 ، 2008 لە شاری ستۆکهۆلم ، ئامادە کرابوو.)

میوانە خۆشەویستەکان، هاوڕییان

لە لایەن خۆم و کومەڵیک لە ئەندامان و پێشمەرگەی پێشوی کۆمەڵەوە پڕ بە دڵ بە خێرهاتننتان عەرز دەکەم. هاتنی ئیوەی ئازیز دەبێتە هۆی گەرمتر و شکۆدارتر بوونی بیرەوەری ڕۆژی گیان بەخت کردنی یەکەم پێشمەرگەی کۆمەڵەکاک سەعیدی موعینی ناسراو بە خانە. کۆمەڵە ئەم ڕوژەی، وەک رۆژی پیشمەرگەی کۆمەڵە دیاری کرد.

بەڕیزان،

کاک سەعید تا چەند مانگ پێش ڕوخانی ڕژیمی پاشایەتی لە ئیران لە ساڵی 1357 هەتاویدا چەند ساڵ وەک زیندانی سیاسی لە زیندانی ڕژیمی شادا بوو. لە ماوەی زیندانی دا زیاتر لە ساڵ و نیویێک لە ژێر ئەشکنجە و ئازاری ساواکی ڕژیمی شادا بەو پەڕی لە خۆ بردویەوە ڕاوستا و کۆڵی نەدا. لەو ماوەدا ساواک دەیویست بزانی کاک سەعید ئەو جزوە دەسنوسە کە لە کاتی دەست گیر کردنیدا پێ بوو لە کێ وەرگرتووە. ولامی کاک سەعید هەر ئەمە بوو:" لە پارکی ناو شار لە ژێر داریکدا دیتومەتەوە و لە کەسم ورنەگرتووە". سەر ئەنجام کاک سەعید لەو سەنگەرەدا چوکی بە دوژمنانی ئازادی دادا.

30 ساڵ لەوە پێش لە ڕوژێکی وەک ئەمڕودا، واتە 31 جۆزەردانی ساڵی 1357 هەتاوی، کاک سەعید موعینی کەلە لایەن کۆمەڵە وەک ئەرکی ڕێکخراوەیی دەچوو بۆ ناو پێشمەرگەکانی کۆمەڵە ڕەنجدەران و یەکیەتی نیشتمانی لە باشووری کوردستان لە دەوروبەری دێ دەری لە نزیک شارۆچکەی ماوەت کەوتە کەمینی هیزە داگیرکەرەکانی بەعسی فاشیست و گیانی خوی لە پیناو نەمانی چەوساونەوی چینی کریکار و زەحمەتکێش و ڕزگاری کوردستان لە دەست داگیرکەرانی کوردستان بەخت کرد.

بەرزو بەڕێزە یادی کاک سەعیدو هەموو گیان بەخت کردووانی ڕیگای ئازادی و سوسیالیزم و ڕزگاری کوردستان.

بەڕێزان،

**جێ خۆیەتی جارێکیتر لە خۆمان بپرسین پێشمەرگایەتی بۆ چی و لە پێناو چی دا؟**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

به درێژایی میژوی چەند سەد ساڵی ڕابردو، میللەتی کورد لە سەر خاک و ئاوی چەند هەزار ساڵەی خۆی پەیتا پەیتا کەوتوتە بەر هێرشی داگیرکەرانی کوردستان و دەسەڵاتێ بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆی لێ زەوت کراوە، تەحقیر و سوکایەتی پی کراوە، لە باری ئابوری، پیشەسازیەوە، کولتوری، فەرهەنگی، ئەدبیەوە بە ئەنقەست و بۆ ڕاگرتنی لە ژێر چەپۆکەی داگیرکراندا پێش بە پێش کەوتنی گیراوە. تەنانەت لە باری مەزهەبیشەوە زۆڵمی لی کراوە. زور بە کورتی هەموو داگیرکەران تێکوشاون بۆ ئەوەی باوڕ و متمانە بە خۆ لە میللەتی کورد وەرگرن و هەمیشە محتاجی دستی دوڵەتانی ناوندی بێت و لە کورد وەکو هێزی کاری هەرزان کەڵک ورگرن و پێش بە پێشکەوتن و نزیک بوونەوەی لە بەشێک لە دەسەڵات بگرن.

بەڵام کورد قەد نێتوانی مل کەچ بێت و ئەو سوکایەتیە قەبوڵ بکات. بە دریژایی چەند سەد ساڵی رابوردوو کورد لە هەموو کوردستان بە پێ زانست و توانایی سەر دەمی خۆی بە ڕابەری شیخ، ئاغا، مەلا، یەک حیزب، دوو حیزب و ئیستاش چەندحیزب دایم بە خەباتی خۆی بۆ رزگاری دریژەی داوە. هەستان و شکانی زۆری بە خۆیەوە دیوە بەڵام قەد کۆڵی نەداوە و توانیویە بە دانی خۆینی ڕولەکانی خۆی بۆونی خۆی بپارێزێت و بەرانبەر بە پیلانی جۆراوجۆر بۆ ئاسیمیلە کردن میللەتی کورد ڕاوستیت و تا ئیستاش خەباتی هەر بەردەوامە.

دیکتاتوری و سەرکوتی لە ڕادە بەدەری داگیرکەران و نەبوونی هیچ دەرەتانێک بۆ خەباتی سیاسی و مەدەنی هێمنانە بۆ گەیشتن بە مافە سەرەتایەکانی مروڤ، کوردی لە بەرانبەر دووڕیانێکدا داناوە **یان** تسلیم بوون و سەردانەواندن بۆ ئاسیمیلە بوون **یان** خەبات و ڕاوستان بۆ بە دەست هێنانی مافە ڕەواکانی خۆی.

هەر چەند هەموو کاتێک جەماوری و بەربڵاو نەبوون بەلام هەمیشە کۆمەڵی ئینسانی فیداکار و لە خۆبردوو نەیان هێشتوەو کە ئاوری شوڕش و ئۆمید بە سەرکۆتن بۆ درێژ ماوە لە دلی خەڵکدا بکوژێتەوە.

داگیرکەران بە سەرکوتی هەر چەشنە تێکوشانێکی سیاسی و مەدنی، و بە زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدامی خەباتکاران لە کردەوەدا خەبات کارانی کوردیان ناچار کردووە کە دەست بەرن بۆ چەک و پێشمەرگایەتی بووبوو بە تەنیا ڕیگای خەبات بۆ خەڵکی کورد. کۆمەڵێک لە لاوانی کوردستان لە بێنی لێ بوردن لە ژیان و گیانبازی لە ڕیگای ئازادی کوردستان لە لایەک و ژیانی ژیردەستی و تەحقیر و سوکایەتی پێ کردن لە لایەن ستمکارانەوە لە لایەکی ترەوە، گیانبازیان هەڵبژاردەوە.

پێشمەرگایەتی وەک شێوەیەک لە خەبات لایەنی چاک و خراپی خۆی هەیە. لە لایەنە خراپەکانی دەکرێت بۆ نمونە باسی ئەمانە بکرێت.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

یەکەم گیانبازی و فیداکاری تەنیا بە کۆمەڵێک قارەمان دەکرێت کە ئەم لە خۆیدا دەبیتە هوی بەرتەسک بونەوەی خەبات بە تایبەت کە میللەتی کورد لە بین چوار داگیرکەری بە هیزدا گەمارو دراوە و هیچ کاتێک لە دارشتنی پیلانی هاوبەش بۆ دژایەتی کورد ڕانەوستاوەن.

ئەو لە خۆ بردویی کە بە هەموو کەس ناکرێت و جەماوەری نەبۆنی خەبات لە درێژە خوێدا دەبێتە هۆی ئەوە کە رۆحی دیکتاتوری و خۆ پێ زلی و تایبەت بوون و ڕۆحیەی ئاغا باڵا سەری خەڵک لە ناو جەماوەری پێشمەرگەشدا ساز بێت، هەر چەند بۆ خۆیان دژ بە دیکتاتوری داگیرکەران هەستاون. یەکێک لە هۆیەکانی شەرە ناوخۆیەکانی کوردستان لەم جورە منتالیتێتەوە سەر چاوە دەگریت و کەس ئەوی دی پێ هۆ نیە و خۆی بە تەنیا میراتگر و حاکم دەزانیت و سەرەرای دروشمی جوان وڕازاوە لە سەر کاغەز زۆر جار لە کردەوەدا هەر دیکتاتورانە بەرانبەر بە هیزەکانی دیکە، کەمینەی ناخۆ و خەڵک دەجوڵیتەوە. ئەم لە خۆ بردوییە لە هەل و مەرجێکی زۆر دژواردا کە دوژمن خولقاندویەتی دەبیتە هۆی ئەوە کە پیشمەرگە خەلکی ئاسایی و غەیرە پێشمەرگە بە قەرزارباری خۆیان بزانن.

دووهەم ئەویە کە کۆمەڵی ئینسانی لێهاتو و لە خۆبردوو کە سەرمایەی زۆر بە نرخی میللەتی کوردن لە پیناو دەسکەوتیکی کەم دا بە تایبەت لە باری نیزامیەوە لە دەست دەدرێن.ماننەوەی ئەو ئینسانە گەورانە زۆر زۆر زیاتر بە قازانجی کۆمەڵانی خەڵکە. ئەمە خەسارەتێکی زۆر گەورەیە بۆ میللەتی کورد بە گشتی و بۆ بنەماڵەی ئەو ئازیزانە بە تایبەتی. دایک و باوکێکی زۆر ڕوڵەی شیرینیان لە دەست دەدەن، ژن مێردی و پیاو ژنی و منداڵانێکی زۆر دایکو و باوکیان لە دەست دەدەن و زۆر برا و خوشک هەتا هەتایە لە یەک دادەبڕین. ئاسەواری خەسارەتی وا و جێگای خاڵی ئەو ئازیزانە قەت، تەنانەت لە کوردستانی سوسیالیستی و ڕزگارکراویشدا لە بەین ناچێت و بنەماڵەی ئەم ئازیزانە هەتا هەتایە دەبی لەگەل ئەو موسیبەت و خەسارەتانە بژین و ئەو جورەی کە پێویستە و شیاوی ئەوانە لە ژیانیان لەزەت نەبەن.

بۆ لایەنی چاکی پێشمەرگایەتی دەکرێت باسی ئەوە بکەین کە پێشمەرگایەتی نەیهێشتوە کە ورە و ئومێد و تروسکەی ڕووناکی ڕوژی سەرکەوتن وەک فاکتورێکی زۆر گرینگ لەو تونلە تاریکەدا کە دوژمنانی کورد سازیان کردوە بەکوژێتەوە و ئەم ئومێدە نەسڵی پێشو تەحویلی نەسڵی داهاتووی داوە و پێشی بە تەسلیم بوون و چوک دادان گرتوە. لە شەڕی ئیران و عیراقدا بە هوی پێشمەرگەوە لە هەر دوو لا هەم ج.ا. و هەم بەعس نەیان توانی ئەجوری کە دەیانویست لاوانی کورد بکەنە گوشتی دەمی تۆپ لەو شەرەدا. ئەگەر کوردستان پێشمەرگەی نەبۆایە ژماری کیمیابارانەکان وەک هەڵەبجە، ئەنفال و جنوساید، کوشتنی بە کۆمەڵ، و ئیعدامەکان زۆر زیاتر لە ئیستا دەبوو.

بەرێزان،



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

کۆمەڵە لە سەرەتای دەست پێ کردنی چالاکی بە ئاشکرای خۆی لە ساڵی 1357 هەتاویدا شێوە و سونەتگەلێکی تازەی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆ خەباتی جەماوەری و سیاسی لە ڕیگای ڕێکخستنتی جەماور لە ڕیکخراوە جەماوەری و دیمکراتیکەکانەوە هینایە کایەوە.

هاوکات کە خەباتی جەماوەری لە بەرابەر داگیرکەراندا ڕیک دەخست، خەباتی چینایەتی جوتیاران و کریکارانی لە نیو خۆی کوردستاندا، هەر چەند زۆر بەربڵاو نەبوو ریک دەخست. کۆمەڵێک لە ژنانی تیکوشەری کوردستان کۆمەڵەیان وەک ڕیکخراوی سیاسی خۆیان هەڵبژارد چ لە نیو ڕیزی پیشمەرگەدا و چ نیو ڕیکخراوی نهێنی لە شارەکان. پەیوەندیەکی تازە و بی وینە لە نیوان روناکبیرانی و کریکار و زحمەتکیشی کوردستان ساز بۆ و لەو ڕێگاوە پیشمەرگەی کۆمەڵە بۆن بە دۆست و راویژکاری ماڵی زحمەتکیشان لە کوردستان. لە بەرابەر داب و نەریتی کۆن و پیاوسالارانەدا وەک ژن بە ژنە، گەورە بە چوکە و دوو یا چەند ژندا راوستا. رێکخراوگەلێکی دیموکراتیک لە شار و دێهاتی کوردستان ، وەک شورا، بنکە پیک هینا. وتویژی ئاشکرای لە گەڵ داگیرکەرانی کوردستان کرد بە باو، و سات و سودا و سازان بە نهینی و شاردراوە لە خەلکی ئیفشا دەکرد و ...

دروشمی کۆچی میژویی مەریوان بۆ پێشگیری لە هیرشی ج.ا. بۆ سەر خەڵکی شار ئەمە بۆ: **ئیمە سەری شەرمان لە گەڵ ج.ا. نییە بەڵام تەسلیمی زلم و زۆرێش نابین.**

ئەو شێوە لە خەباتی سیاسی- مەدەنی و جەماوەرییە تا کاتێک شار و دیهاتی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی پیشمەرگەی کوردستان دا بوو هەر بەردەوام بوو. بە داگیرکردنی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە مەوداو دەرەتانی ئەم نەوعە لە خەبات ساڵ بە ساڵ کز و کزتر دەبوو.

کۆمەڵە بە سپاردنی رهبەری و دەسەڵاتی بە مەنسور حیکمەت هەر چەند لە سەر پەسندکراوە کانیدا باسی بایەخی خەباتی جەماوەری دەکرد بەڵام بە هۆی فکری زاڵ بوی حیکمەت هەموو جولانەوەیەک لە کوردستان دا بە میللی و چینایەتیەوە کرا بوو بە پاشکۆی جولانەوەی سەراسەری و چینایەتی لە ئیران کە هەر ئومید دەکرا ڕوژێک سەر هەڵ بێنێت. تەنیا خەباتی هاوبەشی خەڵکی کورد لە گەڵ خەڵکانیتری ئیران بۆ ڕوخاندنی ڕژیمی پاشایەتی دەبیندرا و بایەخی پێ دەدرەا. خەباتی چەند دە ساڵەی کورد پێش ڕوخاندنی ڕژیمی پاشایەتی و درێژەی ئەو خەباتە دوای هاتنە سەر کاری ج.ا. بۆ ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی وەک خەباتێکی سەر بەخۆ کە مێژوو و خۆاست و ویستی تایبەت بە خۆیی هەیە چاو لێ نەدەکرا بەڵکوو هەر وەک درێژەی شورشی ساڵی 1357 هەتاوی لە ئیران دژ بە ڕژیمی پاشایەتی و ئیسلامی دەبینرا. کوردستان وەک سەنگەری شۆڕشی ئیران و رادیویش وەک دەنگی شورشی ئیران دەناسرا.

کێ بێ پشتیوانی و هاوخەباتی میللەتان و کریکاران و ژنانی لە ساحەیەکەی هەر چی بەر فراوانتردا پی ناخوش بێت بێجگە لە ستەمکاران و داگیرکەرانی کوردستان. بەڵام چونمان پێ



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

خۆشه دۆنیا له داهاتودا بەبینین له گەڵ ئەوی که ئیستا دەیبینین فەرق و جیاوازی بەر چاوی هەیە.

له کردەوەدا پاشەکشەی خەبات له سەراسەر ئیران دا بە وەرگرتنی ئەمتیاز و کەمتەر خەمی سەبارەت بە خەباتی کۆمەڵانی خەڵک له کوردستان و ناساندنی خەباتی کوردستان وەک پاشکۆی خەباتی ئیران، تێدەکۆشرا له باری روحی و سیاسیەوه بۆچون و تئوریەکانی "ڕهبەر" تەئید و پاساو بکرێت.

جا کۆا ئەو رۆژه بێت کێ بێت پێ ناخۆش بێت خەڵکی هەمەدان، زنجان و میاندواو که هاوسێی کوردستانی ڕۆژهەڵاتن لەو بەرەوه وەک شارەکانی قەڵادزەی، ڕانیه و سلێمانی بۆ هاوخەباتی و هاوپشتی بێن بە هاوارو و یارمەتی کوردی ڕۆژهەڵاتەوە.

له ئاکامی سپاردنی رهبەری کۆمەلە بە مەنسور حیکمەت ئەگەر قسەی ڕازاوه فریومان نەدا و له سەر نەتیجه و ئاکام و سەر ئەنجامی عەمەلی ئەو بۆچونه فوکوس بکەین بێجەگە لە سەرکەوتنی شوینیستی فارس به جل و بەرگی جۆراوجۆرەوه و زربه لێ دان له باڵی چەپی جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان (کۆمەڵه) هیچیتر نابیندرێت.

## ئیسلاحتەلەبان و پێشمەرگایەتی

جێ خۆیەتی بە کورتی ئیشارەیەک بە بۆچونیئیسلاحتەلەبان له ناوەوه و له دەرەوەی وڵات له سەر پێشمەرگایەتی بکرێت.

له بەرانبەر پیشمەرگایەتیدا بۆچونیکی دیکه هەیە که هەم له ناوەوه و هەم له دەرەوەی وڵات نوێنەرایەتی دەکرێت و بە تایبەت لە دەورانی سەرۆک کۆماری موحەمەدی خاتەمی له ئیران زیاتر پەرەی سەندبوو. ئەم بۆچونه دەست بردن بۆ چەک له لەیەن کوردەوه بە تەواوی و بە شێوەیەکی موتلەق و له هەموو کات و هەل و مەرجیکدا رەت دەکاتەوه و پێیان وایە که بە تەنیا له ڕیگای دیالوگ و وتویژەوه دەکرێت کورد و ژن و کریکار بە مافەکانیان بگەن.

جا کۆا داگیرکەرانی کوردستان ئەوندە عاقل و موتەمەدەن بۆایەن و ئەویەیان لی بەهاتبایەت که خەڵکی کورد له ڕیگای وتووێژەوه بە مافە رەواکانی خۆی بەگەیشتبایەت، و لاوانی کورد له ریکخراوی جۆراجۆردا ناچار نەکەن له بەین ژیانی پڕ له تەحقیر و سوکایەتی و بێ مافی و ژێردەستی له لایەک و گیان بەخت کردن له پێناو مافی گەلەکەیان له لایەکیتروه ئەوی دوومیان هەڵبژێرن. ڕیکخراوه سیاسیەکانی کوردستان له قۆناغی جۆراجۆردا بە شێوەی جۆراجۆر بۆ وتوێژ له گەڵ حکومەتی ناوندی حەولی زۆریان داوه، بەڵام حکوموتی ناوندی قەت بە ڕاستی نەهاتوەتە وتوێژ و هەر کات و وەختێک بە وتوێژ ناچار کرابێت له کاتی وتوێژ هەر بۆ کۆشتنی وەخت و خۆ تەیار کردنەوه بۆ هێرشی نیزامی تازه ئیستفادەی کردەوه.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەم بۆچونە ئەو ئەندازەیە کە لە حیزبە چەکدارەکانی کوردستان تورەیە لە سەرکوتی وحشیانەی کۆماری ئیسلامی کە بوتە هۆی ئەوە ئەو حیزبانەی وا نەیانتوانیوە سەر دانەنەوینن و ناچاربوون بۆ پاراستن و دیفاع لە خۆیان و مافەکانی خەڵکی کورد لە بەرانبەر هێرشی سەراسەری ج.ا دا بە تانک و تۆپ و تەیارە دەست بۆ کلاشینکۆف بەرن، تورە نییە.

گیرەکە لە وەدایە کە بەداخەوە لە دونیای ژیرەوژوری ئەمرۆدا نەکرێت دەست بردن بۆ چەک لە لایەن ستم لێکراوان و چەوساوەکانەوە بۆ بەدەست هینانی مافی خۆیان بە تەواوی و بە تەوری مۆتڵەق رەد بکرێتەوە. دەست بردن بۆ چەک ئاخرین و تەنیا ڕیگایەک بووە کە داگیرکەران بە سەر خەڵکی کوردیا داسەپاندووە.

لە مێژو دا نمونە زۆرە کە بۆ پاراستنی سۆلح و ئاشتی و نەمانی شەڕ لایەنیک کە خوازیاری شەڕ نەبووە ناچار کراوە بۆ پاراستنی خویان دەست بۆ چەک بەرن.

بۆ نموونە لە شەڕی دووی جیهانی دا موتەفقین لە لایەن ئالمانی نازیەوە بە ڕابەری هیتلێر ناچار کران کە بۆ ڕاوستانی شەڕ ، شەڕ بکەن تا چۆکیان بە هیتلێر دادا.

پرسیارەک کە ئیستا دێتە گۆری ئەوەیە: کە لە هەل و مەرجی ئیستای کوردستاندا ڕاوستان و هەڵویستی خەڵکی کورد بە گشتی بۆ دیفاع لە خۆی لە بەرانبەر هێرشی دۆژمناندا دبی چۆن بێت؟

لە م دوو دەهەیەدا دونیا بە گشتی و خورهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی گۆرانی زۆری بەسەردا هاتووە و چاوەڕوانی گۆڕانکاری زیاتریش دەکرێت. داڕمانی بلۆکی ڕوژهەڵات، تیکشکاندی تالەبانەکان لە ئەفغانستان و سەدام حوسین لە لایەن هێزیکانی ڕوژئاوا و لە پێشیانەوە ئامریکا، کیشەی ئیران و ڕوژئاوا، بەهیزبوونی خەباتی جەماوری کورد لە هەر چوارپارچەی کۆردستان، حکومەتی لە کردەوەدا بە ڕەسمی ناسراوی کورد لە کۆردستانی باشور چەند نمونەیەکن کە ڕاستەوخۆ لە سەر چارەنوسی کورد کاریگەری زۆریان بووە و دەبێت.

پڕوسەی بە نەتەوە بوونی کورد و پێک هێنانی دەولەتی سەربەخۆی کورد بە تایبەت لە ناو ڕیزی خەڵکی سەر شەقام زۆر روو لە گەشەیەو و دەکرێت بلێ کە لەم بابەتەوە لە حیزبە سیاسیەکان هەم لە پێشترن و هەم بوێرترن.

لەم هەل و مەرجەدا ئیتر بۆ پاراستنی کۆردستان لە بەرانبەر داگیرکەراندا چەند حیزبی گەورەو و چکۆلەی چەکدار نە تەنیا چارەساز نیە بەلکوو گیر و گرفتی لە قازانجی زیاترە.

ئیستا کورد زیاتر لە هەموو کاتیک بۆ ڕزگاری یەکجاری لە ستەمی نەتەوایەتی و گەێشتن بە سەر بەخۆیی و پیکهێنانی دەوڵەتی خۆی پێویستی بە هەبونی ئستراتیژیەکی هاوبەش لە هەر



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

چوار پارچەی کوردستان هەیە تا هێزەکان نە تەنیا بە پیلانی جۆراوجۆر دوژمنان لێک دانەبڕین بەڵکوو بخرێنە سەریەک و یاریدەدەری یەکتر بن نەک نەیار دژ بەیەکتر.

دەتوانین بڵێین یەکێک لە هۆیە گرینگەکانی سەرنەکەوتنی کورد بەڕەسمی نەناسینی خۆی لە لایەن خۆیەوە بووە. بەو بۆنەوە ستراتیژی کورد لە هەر ولاتێک کە کوردی تیدایە بە روخاندنی حکومەتی مەرکەزی لەو ولاتەدا گرێ دراوە. بە پێ دووری و نزیکی و بەشدار بوون و نەبوون لە دەسەلات و ئیمکاناتی مادی و معنەوی خەڵکەکانی ئەو وڵاتانە کە کوردی لێ دەژی لە خەباتی خۆیان دا یەک بەرژەوەندیان نەبۆە و نیە . هەر بۆیە سەرەڕای حول و تیکوشانی هێزە سیاسیەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ گەیشتن بە ستراتیژیەکی هاوبەش لە خەبات لە دژی حکومەتی ناوەندی ئەو ولاتە لە گەڵ هیزی سیاسی غەیری کورد بی ئاکام و سەر ئەنجام ماوەتەوە.

بێ بەش بۆنی کورد لە دەسەلات و مافە سیاسی، ئابوری، فەرهەنگی و مەزهەبیەکانیەوە لە لایەکەوە و نەبۆنی ستەمی میللی لە سەر میللەتی بان دەست و بەشداری ئەوان لە دەسەڵات و باشتر بۆنی وەزعی خەڵکی میللەتی بان دەست لە باری کولتوری، سیاسی و ئابۆریەوە بە هەڵسەنگاندن و براورد لە گەڵ کورد لە لایەکیترەوە بۆتە هۆی هەبۆنی بەرژەوەندی جیاواز لە نێوان میللەتی کورد و میللەتی بان دەست لە چوار پارچەی کوردستان. هەر بۆیە کورد لە زۆربەی وختەکاندا لە خەبات بۆ رۆخاندنی حکومەتی ناوەندی بە تەنیا ماوەتەوە و دەستی داوەتە کارێک وەک روخاندنی رژیمی ناوەندی کە بە کوردی هەر پارچەیەک لە کوردستان بە تەنیا جێ بە جێ نەکراوە.

هێزی سیاسی غەیر کورد تا ئیستا بە ڕاشکاوی و بە بێ قید و شەرت مافی سەربەخۆی و پیکهینانی دەوڵەتی کوردیان نەسەلماندووە و هەمیشە وەک گومان لێکراو، گرێدراو بە بێگانە و جیایی خواز چاویان لە هێزی سیاسی کورد کردوە. لە باشترین حالەت دا تەنیا لە چوارچێوەی یەکگرتویی و لەت نەبۆنی ئەو ولاتەدا کە داگیرکەرانی کۆردستان لە ناوەندەوە حوکمی دەکەن قابلی قەبۆل بووە و نابێت باسی ستەمی نەتەوایەتی لە سەر کورد، بێ مافی دوو لاینە و تایبەتمەندی کوردستان بکرێت.

زۆربەی حیزبە چەپ و سوسیالیستەکانی کوردیش بە پێ ئیدەئولوژی خویان کە دیمکراسی وەک پەردەبازێکی کاتی بۆ گەیشتن بە سوسیالیسم چاو لێ دەکەن، و هەموو جوڵانەوەیەک وەک جوڵانەوی کورد، ژنان، خویندکاران تا ئەو جیگا قابلی پشتیوانیە کە پاشکۆی جوڵانەوی کریکاری بێت، لە کردەوەدا هیچ کام لەو جوڵانەوانە بە ئیعتباری خۆیان و سەر بەخۆ لە جوڵانەوەی کریکاری بە ڕەسمیەت ناناسرێن. هەر بۆیەش پلان و ستراتیژی تایبەتیان بۆیان نیە. سنوری دەسکردی جوغرافیایی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لە کردەوەدا بوە بە فاکتورێکی ئەساسی بۆ داڕشتنی ستراتیژی سیاسی ئەو حیزبانە. یەک ستراتیژی بۆ ولاتێک وەک ئیران لەم پەڕ تا ئەو پەڕی دادەرێژن و هەموو شتێک لە گرەوی رۆخاندنی حکومەتی ناوندیدایە. چون دەبی خەڵکی



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

کورد لە ڕوژهاڵات بۆ ڕاوستان لە بەرانبەر هێرشی ج.ا. دا ناچار دەبن دەست بۆ چەک بەرن و لەو ریگایەدا قوربانی، ماڵ ویرانی و زیندان و ئەشکنجەیەکی زۆریان بە سەردا سەپاوە لە گەڵ بەشەکانیتری ئیراندا کە ئەو دەم بە زۆری دەنگی بەڵی یان دا بە ج.ا. هەر هەمان سیاست و ستراتیژیان بەرانبەر بە ج.ا. هەبێت؟ کز بونی بڕوا بەخۆ لە ناو کورددا بە هۆی ستەمی نەتەوایەتی درێژخایەنەوە لە داڕشتنی ئەم جورە سیاسەتانەی لە لایەن حیزبە سیاسیەکانی کۆردستانەوە لێکەوتووتەوە، بە شێوەیەکی ڕانەگەیاندراو قوربانیدان، ماڵویرانی و دەربەدەری زۆر و دەسکەوتی کەم بووە بە شتێکی قەبوڵ کراو ، وەک ئەوی بڵێت چارەنوسی کورد هەر وا بووە و هەر وا دەبێت.

**ڕوخاندنی حکومەتی ناوەندی پرووژەی هاوبەشی کورد و میللەتانیتری ئەو ولاتانەیە**

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە کورد بۆ بە دەستهێنانی مافی سەربەخۆیی و چارەنوسی خۆی بە ڕوخاندنی حکومەتی مەرکزییەوە گرێ نەدات بەڵکوو دروشمی چونە دەری هێزە داگیرکەرەکان لە کوردستان لە ڕوخاندی حکومەتی مەرکەزی جیا بکاتەوە. جێ خۆیەتی ئامازەی پێ بکرێت کە کۆمەڵە چەند ساڵێک ئەم دروشمەی هەبوو بەڵام ئێستا و لا نراوە و هەر چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە حکومەتی ناوەندی لە ئیران بڕوخێت جا ئەو دەم بەڵکو حکوموتی ناوەندی داهاتوو مافی کورد بە ڕسمی بناسێت. ئەمە زۆرتر وەک خەون دەچێت تا واقعیەت چون هەموو هێزی سیاسی ئیرانی لە گەورەوە تا چکۆلە لە چەپەوە تا ڕاست هەموویان سەرەڕای هەر کیشەو و جیاوازیەک کە هەیانە لە سەر یەک پارچە بوونی ئیران و "تەمامیەتە ئەرزی" ئیران واتە درێژەی ژێردەستەی بۆ کورد و میللەتانی ژێر دەستی تر لە ئیراندا یەک دەنگن. کیشەی حکومەتی هەریم لە کوردستانی باشور لە گەڵ حکومەتی ناوەندی لە بەغدا لە سەر کەرکوک و زۆر شتی تر نمونەیەکی دیکەی زیندووە.

وەختی ئەو هاتووە کە کورد لە ئپوزسیون بۆن بێتە دەری و بە بێ چاوەڕوانی لە هێچ لایەن و دەوڵەتی دەرکی و <u>لە پێش هەمووان دا بۆ خۆی، خۆی وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ بە ڕسمی</u> بناسێت و پاشان کار بۆ ئەوش بکات تا وڵاتان و میللەتانی تریش ئەو ماف ڕەوایەی بۆ بەسەلمێنن.

بە لە بەر چاو گرتنی جیاوازی زۆر لە نێوان کۆردستان و بەشەکانیتری وڵاتانانی داگیرکەر لە باری مێژویی،خەباتی سیاسی و کومەڵایەتیەوە داڕشتن و هەبوونی یەک سیاسەت بۆ کۆردستان و سەراسەر وڵات تەنانەت بۆ ئەو حێزبە سیاسیانە کە چالاکی سەراسەریان کردووە و دەیکەن لە ڕابۆردە و ئیستاش گونجاو نەبووە و نیە. هەر چەند یەک دەسەڵات لە ناوەندەوە حوکمی هەموو ئەو وڵاتانەی کردووە بەڵام جیاوازی و تایبەتمەندی کۆردستان لە هەموو بابەتێکەوە هە بوونی ستراتیژی و سیاسەتی تایبەتی ئیجاب کردووە و دەکات.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەر چەند بە هۆی دابڕانی بەشەکانی کۆردستان لە یەکتر بە درێژایی چەند دەساڵەوە جیاوازی گەلێک بەرچاو دەکەوێت بەڵام خاڵی هاوبەش زۆر زیاتر و گەورەترن و دانانی ستراتیژیکی هاوبەش زۆر زەروری و پێویستە.

ئیستا دەوْر دەوْری خەباتی سیاسی، مەدنی و جەماوەری و هیمنانە بە کەمترین خەسارەتی گیانی و ماڵییە لە هەموو شار و دێهاتی کوردستانە. کورد ئیستا دەبی خۆی دەست پێشخەری دروست کردنی دەوڵەت، پارلەمان و ئەرتەشی کوردستان بێت. هەر چەند تا دەستەبەر کردن و بە ڕسمی ناسینی ئەم مافانە لە لایەن دولەتان و میللەتانی ترەوە ڕیگایەکی دوور و دژواری لە پێش بێت. لیرە دایە کە بە پێ ئەو گۆرانکاریانەی کە کراوە و دەکرێت پێویستە پێشمەرگایەتی وەک سونەتێکی کۆنی کورد بۆ ڕاوەستان لە بەرانبەر داگیرکەراندا جیگای خۆی بدات بە ئەرتەشی کۆردستان. ئەرتەشێک کە هێرش ناکاتە سەر هیچ میللەت و ولاتێک بەڵکوو تەنیا ئەرکی پاراستنی کۆردستان لە بەرانبەر هێرشی داگیرکەراندا لە ئەستۆیە. ئەرتەشی کۆردستان لە لایەن پارلەمانی کوردستانەوە کە لە نوێنەرانی چەند حیزبی سەرکەوتوو بۆ پارلەمان لە ڕەقابەت و ململانییەکی سیاسی و ئازاد و دیموکراتیک دا پێکهاتووە، هەدایەت و ڕابەری دەکری نەک لە لایەن حیزبە سیاسیەکانەوە. ئەرکی حیزب سیاسی، چالاکی سیاسیە لە ناو کۆمەڵگادایە بە شێوەیەک سیاسەتەکانی خۆی بکات بە سیاسەتی بەشێکی هەر چی زیاتری کۆمەلانی خەڵک و لە ڕیگاوە بە دەست هینانی هەر چی زیاتری دەنگ بۆ کورسی لە پارلەمان و بەدەستەوە گرتنی دەستەڵاتی سیاسیە.

جارێکیتر زۆر بەخێر هاتن تان دەکەم.

بەرزو بەڕیز بێت یادی کاک سەعیدی موعینی ئەوڵین پێشمەرگەی کۆمەڵە و هەموو گیان بەخت کردوانی ڕیگای سوسیالیسم و ڕزگاری کوردستان.

ستکهلم 2008-06-20

سەرچاوەکان:

1- نوسراوەکانی بەڕێز جەعفەری حەسەن پوور لە سەر پارلمان، ئەرتەش و دەوڵەتی کوردستان.

http://www.helwist.com/Hesenpor/index.htm

2- نوسراوەکانی بەڕێز شوعیب زەکریایی بە ناوی "تاریخ بازنده1-4 "

http://www.rawij.com/farsi/farsi.htm



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)